## شێرزاد حەسەن لەدیدارێکی ڕۆژنامەی ( ئالآی ئازادی ) دا :

# قوتابخانەکانی ئێمە لە سەربازگەو شێتخانەو خەستەخانە دەچن

دیمانە : ئیدریس عەلی

شێرزاد حەسەن یەکێکە لەو ڕووناکبیرە جدیانەی کە خەمی گۆڕانی پرۆسەی پەروەردە بۆتە یەکێك لە خەمە گەورەکان.. ئەو جگە لەوەی کە ڕووناکبیرێکی قسەکەرە لە بوارە گرنگەکانداو پرسە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگەدا ، هاوکات سەرپەرشتیاری پەروەردەشەو لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی پەروەردەیە لە هەرێمی کوردستاندا.. ئالآی ئازادی بە گرنگی زانی لەگفتوگۆیەکی کراوەو ڕاستەوخۆدا ئەم چەند پرسیارەی ئاراستە بکات.

ئیدریس: بەگشتی ڕەوتی پرۆسەی خوێندن لەم چەند ساڵەی دوایدا لە کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

شێرزاد حەسەن: لەدوای ڕا پەڕینەوە ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە دەسەڵاتی کوردی بیر لە یەکێك لە ترسناکترین و هەستیارترین دەزگا کەدەزگای پەروەردەیە بکاتەوەو لەسەر ئاستی ئینساندۆستی کاری لەسەر بکات و وابکات نەوەیەکی تازەو عاشق بەزانستو ئەدەبو هونەر پێبگەیەنێت، بەلآم لە پاش ڕا پەڕینەوە دەسەڵاتی کوردی لەڕووی سەرکردایەتییەو لەم بوارەدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر کەمتەر خەم بوو.. تەنانەت لەسەر ئاستی مام جەلالو مەسعود بەرزانیش کەمتر خەم بوون، بەداخەوە سەرۆکەکانی هەموو دونیا ڕاوێژکاریان هەیە و کەسانی ژیرو دانا لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و بیرلەوە دەکەنەوە کۆمەڵگا بەرەو ڕۆحێکی هاوچەرخانە بەرن بەڕێوە، وە پێشکەوتنێك ببینیٚ بەخۆیەوە و گۆڕانێك لەسەر ئاستی ڕامیاریو فەرهەنگیو کۆمەلایەتی ببینیٚ بەخۆیەوە تەنانەت ئەوەی کە پێی دەوترێت ڕۆحی ئاشتی خوازی کە ئێمە خۆت دەزانیت سالانێکی دوورو درێژە بەدەست توند

و تیژی لەسەر هەموو ئاستە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان دەناڵێنین، دەکرا گۆڕانکاریەکی گەورە ڕوویدات بەلآم بەداخەوە ئەو میراتەی بەعس بۆی جێهێشتین لەماوەی ئەم شانزە ساڵەدا دەستکاری نەکراوە، تەنها ئەوەندە نەبێت لەکۆنگرەی پەروەردەدا کۆمەڵێك کەسی دڵگەرم وەکو کاك ( دلشاد ) کە خۆم کاری لەگەڵدا دەکەمو دەزانم کەسێکی دڵگەرمە و حەز لەگۆڕان دەکات، وە ژمارەیەکی ترمان هەیە لە ئەوروپاو لەکوردستان تموحێکی گەورەیان هەیە بۆ گۆڕان.. بەلآم دەشزانم هێشتا سوپایەکی زۆر گەورە هەیە بڕوای نییەو دەترسێت لەگۆڕان، وە لەم کۆمەڵگایانەی ئێمە کە ترادسیۆنییەو تەقلیدیە و بەئارامی بۆشتەکان چووە، چونکە هەموو گۆڕانێك هیلاکی و بیرکردنەوەو ئازایەتیەکی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوە دڵنیام کە کەسانێکی دڵگەرم هەیەو خوازیاری گۆڕانن.. من بەشبەحاڵی خۆم هەموو خەونو ئومێدێکی گۆڕان لەساڵی پاردا دەبینم، دەتوانم بڵێم کۆمەڵێك بڕیاردراوەو کۆمەڵێك کەسی باش هاتوونەتە پێشەوە و هەموان کۆکین لەسەر ئەوەی کە دەزگای پەروەردە ناکرێت بەم شێوەیە بڕوات بەڕێوە، ئێمە هیچ فەلسەفەیەکی ئەخلاقیو زانستیو بنەمایەکمان نییە بۆ پێشخستنی زانست، پێشموایە کە یەکێك لەئەرکەکانی قوتابخانە بەکۆمەڵایەتی کردنی ئینسانی کوردییە، بەلآم ئەفسوس هێشتا لەسەر ئەو ئاستە کارمان نەکردووە، من وەك هەمیشە وتوومە ئێمە زیاتر داهۆڵو تووتی دروست دەکەین لە قوتابخانەکاندا.. وە ئێمە ئەگەر تەماشای ئەم نەوەیە بکەین و ڕا پرسییەك بکەین دەبینین زۆر تووڕەیە لەنیشتمانو هیچ ئینتمایەکی نییە هیچ خەونێکی نەهاتۆتە دیو بێزارە لەسیاسەت و وەلآم نەدراوەتەوە بەهیچکام لەداواکاریەکانی، تۆ تەماشابکە یەکێك لەوشوێنانەی کە خەڵکی تێدا پەروەردە دەبێت بۆ ئەوەی خاكو نیشتمانی خۆی خۆش بووێت

قوتابخانەیە، دیارە لەهەموو دونیادا بەم چەشنەیەو بەم ئاراستەیە کاردەکەن، پێشموایە ئەو نەوەش کە دواتر دێت هەر دردۆنگە لەنیشتمان و تورەیە لەزانست بەدەلیلی ئەوەی هەر کەس کۆلێژو زانکۆ تەواو دەکات دەڵێت "ئیتر رزگارم بوو لەکتێبو کاغەز"، کەواتە یەکەم تۆرانی ئێمە لەکتێبو مەعریفە لەیەکەمی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات و تا زانکۆ لەگەڵ خۆمانی دێنین.. چونکە سیستمی پەروەردە سیستمێکی سەربازییەو زیاتر لەتەنەکەی زبڵ دەچێت، وە منداڵێك لەتەمەنی چواردەساڵیدا دەبێت لەهەموو انەکاندا دەربچێت من رۆژانە سەردانی قوتابخانەکان دەکەم سەدان کورو کچ هەیە لەسەر یەك وانە سێ ساڵ لە پۆلێکدا ماوەنەتەوە.. کەمن دڵنیام لەهیچ شوێنێکی دنیادا گاڵتە جارێ وانەماوەو ئەمە شورەیە.. من بڕوام وایە ئەگەر قوتابی لە دوو وانەش بکەوێت پێویستە تێپەڕێنرێتو نەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەهەموو دنیادا لەیەك شتدا بلیمەتەو شارەزایی لەیەك بواردا دەبێت.. ئێمەش دەبێت بزانین چۆن سیستمێکی تازە بدۆزینەوە کە تائێستا بیرمان لێنەکردۆتەوە وەك چۆن لەوڵاتانی ئەوروپاو تەنانەت ئاسیاشدا پەیڕەو دەکرێت، ئەویش ئەوەیە لەباخچەی ساوایانەوە چاودێری بکرێن توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای تایبەتو کەسانی دەروونناس چاودێری منداڵەکان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن مەیلو ئارەزوو حەزەکانیان چییە تادەگاتە قۆناغی گەنجێتی بەرلە چوونە زانکۆ دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو منداڵە لەشتێکدا بلیمەتە .. وە هەرگیز باوی ئەوە نەماوە لەکەسێك بدەی لەسەر ئەوەی کە هیچ نازانێت چونکە بەهیچ شێوەیەك کەسێك نەماوە پێی بوترێت تەمەڵ، ئەگەر کەسێك دەماغی تەواو نەبێت دەییەنە خەستەخانە.. بەلاّم بەداخەوە ئێمە لەنێوان نێرو مێ جیاکاری دەکەین ، قوتابخانەمان کردووە بەشوێنی تەمەڵو زیرەکەکان، هەژارو دەوڵەمەندەکان..یەکێك لەو شوێنانەی کە دەبێت رۆحی جیاکاری بکوژێتو منداڵو کورو کچ هەست بکەن لەسەر هەموو ئاستەکان یەکسانن، بەلاّم بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا ئەم جیاوازیانە تۆخ دەکرێنەوە.. من لەو بڕوایەدام ئەو میراتەی بەعس یەك هەنگاو بەجێنەهێڵدراوە مەگەر لەم چەند مانگەی پێشوودا کە کۆمەڵێك بڕیارو خەونی گۆڕان هەیە..بەلاّم بیریشمان نەچێت هێزێکی کۆنە پارێزیش هەیە لەبەرامبەر گۆڕاندا.

ئیدریس: گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە چین کە جێگەی ئومێدبن بۆ پرۆسەی پەروەردە؟

شێرزاد حەسەن: هەمو دەزگای پەروەردە لەسەر دوو شت راوەستاوە، یەکەمیان کادرە ئینسانیەکانە لەدەرگاوانەوە تادەگات بەبەڕێوەبەر هەموویان لێبڕاوانە ئیش دەکەن، لەگەڵ کەلوپەلو پێدویستیەکان، ئێمە بەداخەوە لەرووی تەکنەلۆژیای تازەوە هەژارین بۆنمونە کۆمپیوتەر هەیە بەلاّم لەقوتابخانەکاندا بەکار ناهێنرێن، باوی ئەوە نەماوە تەختەو تەباشیرت هەبێت لەهەموو شوێنێك سکرینو دیڤیژن ئیش دەکات.. سەیرکە ئەمڕۆ چەرخی وێنەیە کەچی ئێمە هێشتا کتێبێکی رەقو تەقمان لەبەردەستدایە لەگەڵ تەختەو تەباشیرێك کە ئەمە باوی نەماوە، بۆیە دەبێت ژینگەی قوتابخانە چ بەلایەنی کادری ئینسانی بگۆڕدرێت بەکادرێکی زۆر پێشکەوتوو کراوەو مۆدێرن و عاشق بەکاری مامۆستایەتی و پەروەردەیی وە دەبێت جۆرێك لەبەهەشت درووست بکرێت لەقوتابخانەدا چونکە فەلسەفەیەکی زۆر سادە هیە لە رۆژئاوادا " گەر خۆشبەخت نەبیت فێر نابیت" ئێمە لەباخچەی ساوایانەوە منداڵەکانمان غەمگینن تازانکۆ تەواو دەکەن، تۆ کە غەمگینو تورەو پەست بوویت فێر نابیت، سەیر لەوەدایە ئێمە دوو دوژمنکارمان لەبەرامبەر یەکدا داناوە لە قوتبخانەکاندا کە ئەویش مامۆستاو قوتابییە، من دووبارەی دەکەمەوە قوتابخانەکانی ئێمە تەنانەت بەکەڵکی بەندینخانەی هەندێك لەوڵاتانی ئاسیاش نایەت.. کامە قوتابخانەیە لەسلێمانی وەك شێتخانەو خەستەخانەو سەربازگە وەهایە و هیچ سیفاتێکی قوتابخانە لەو بینایانەدا بەدی ناکرێت بەوانەشەوە کە ئەمساڵ درووست کراون نوێن، هیچ ژینگەیەکی تەندرووست بەدی ناکەین لە قوتابخانەکاندا کە منداڵ تێیدا بەختەوەر بن ، تۆ تەماشا لەنەوەی منەوە

تا ئێستا نەوەرزش و نە هونەر بەتێری ناخوێنرێت بەلام ئاین و مێژوو ماتماتیك بەتێری دەخوێنرێت ، بەڕای من وانەی هونەرو وەرزش و مۆسیقا خەیاڵی منداڵ فراوان دەكەن یەكێك لەوشتانەی كە دەبێت بگەڕێتەوە بۆلای منداڵ خەیاڵە، قوتابخانەكانی ئێمە لەباخچەی ساوایانەوە یەقین فرشن، یەك حەقیقەت بین و یەك حەقیقەت پەرستن، وە هەرگیز كەمنداڵێك لەباخچەی ساوایانەوە پەروەردەی دەكەین تادەگاتە زانكۆو دەبێتە بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی و پیشەیەك لە پیشەكان هەڵدەبژێرێت دەبێت كەسێكی رەخنە گری چاونەترسی ئازای لێدەرچێت.. بەلام ئێمە بە پێچەوانەوە مرۆڤی شەرمن و ترسنۆك و زەلیل درووست دەكەین، ئێمە لەدوای ا پەڕینەوە پەرلەمانتارمان هەیە ، لەسەدا نەوەدی پەرلەمانتارەكانمان بەژن و پیاوەوە شەرمنن.. ئێمە بەدەیان حزبمان هەیە جگە لەسەركردە پیاوەكانی تر هەمووی كارەكتەری شەرمنن.. ئێمە نەمانتوانی لەخێزان و قوتابخانەو مزگەوت و شانەكانی حزب و سەربازگەكان و ناوەندە كۆمەلایەتیەكاندا كەسانی ئازاو داهێەرو بلیمەت درووست بكەین ، ئێمە چەندین ساڵە فیزیاو ئیحیا دەخوێنین یەك داهێنەری فیزیام بۆ بدۆزەرەوە لەم ولاتەدا؟ كیمیاگەرێكم بۆ بدۆزەرەوە؟ ئاخر منداڵان دەچنە بەشی كوردی كەچی رقیان لەئەدەبی كوردی دەبێتەوە.. تۆ سەیربكە لەسەدا نەوەدی ئەوانەی دەچنە زانكۆ بەخواستی خۆیان وەرناگیرێن بەڵكو بەشەق دەنێردرێنە ئەو پۆلانەوە.. تۆ بیربكەروە رقت لەزانستێكەو چوار ساڵ دەیخوێنیت چ كەڵكێكی لێ دەبینی؟ كەواتە ئەوشێوازە پەروەردەییەی لە دەزگای پەروەردەییدا هەیە هەمان ئەو شێوازەیە كە پەنجا ساڵ لەمەوبەر هەبوو وە ئەو پێداویستیانەی وەك مێزو كورسی جگە لەسەربازگە بەكەڵكی هیچ شوێنێكی تر نایەت.. وە سیستمی سزاو ئیمتحانات دەبێت بگۆڕدرێت چونكە تائێستاش سیستمی تاقیكردنەوە سیستمێكی پەروەردەییە.. لەكاتێكدا كەس نییە لەدنیادا لەسەر نەزانین سزا بدرێت كێ هەیە حەز لەفێربوون نەكات؟ بەڵام تۆ دەبێت بێیت قوتابخانەیەك درووست بكەیت منداڵەكان عاشقانە حەز بەفێربوون و زانست بكەن.. بەلام تۆ جەهەنمێكت درووستكردووە و دەتەوێت فێریش بن؟ لەبەر ئەوە ژینگەی قوتابخانەكان پێویستە سەرتاپا بگۆڕدرێن .. تۆ سەیربكە شێوەی دانیشتن لە پۆلەكاندا وەك شێوەی دانیشتنی مزگەوتەكانە، مامۆستایەك بە پێوە وەستاوە قسان دەكات ئەوانی تر دەبێت قور بەسەرانە دانیشن گوێ بگرن.. ئەمە لەهەموو دنیادا نییە وە لەهەموو دنیادا ئەوەنەماوە بەتەنیا وانە بلێیتەوەو ئیمتحان بدەیت بەڵكو بەشێوەی گروپ كار دەكەن و گرنگی بەئیشی گروپ دەدرێت و دانیشتنی ناو پۆلەكانیش بازنەییە ئەوەنییە پشتی ملی هاوڕێكەت ببینی كە قسەت بۆ دەكرێت.. بەكورتی ئەم سیستمە كۆنەو پێویستی بەگۆڕانكاری هەیە.

ئیدریس: مامۆستا شێرزاد تائێستاش لێدان لەناوەندەكانی خوێندندا شێوازێكە بۆ فێركردن و گوێڕایەڵ بوون .. تۆ پێتوایە كەسێك هەبێت بەلێدان فێربێت و بێتەوە سەر رێگای راست؟

شێرزاد حەسەن: من بیرم ناچێت كەیەكە مجار بردمیانە قوتابخانە بەمامۆستاكەیان وت" گۆشتەكەی بۆ تۆو ئێسقانەكەی بۆ ئێمە" هەزاران باوك و دایك كەیەكە مجار منداڵەكانیان دەبەنە قوتابخانە ئەم رستە بەناوبانگەیان هەیە، دیارە لەئەوروپاش سەردەمانێك بەم قۆناغەی ئێمەدا تێپەڕیون، واتە توندوتیژی لەكلێساكانەوە گوازرایەو بۆ قوتابخانەكان ئەوانیش سەردەمانێك گیرۆدەبوون بەدەست روانینی توندوتیژو سزادانەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ جوان و رەوشت بەرز بێت و فێریش بێت، تێروانینەكە وەهابووە گەر كەسێك فێرنەبوو یان نەیزانی یان گوێ رایەڵ نەبوو پێویست بوو لێی بدرێت وەك چۆن هێسترێك یان بزنێك لەرێگا لادەدا بەدارو تێلا دەیهێننەوە سەر راستە رێ، ئاوەهاش بۆ منداڵان لەقۆناغێكدا لەئەوروپا دار بەكار هاتووە..ماتماتیك ناسێكی گەورەی ئینگلیز لەكتێبێكیدا باسی ئەوەدەكات كە روانینی مرۆڤ بۆ هێنانە سەر رێگای راست بەلێدان و كوتان بووە كە ئەمە پەیوەندی بە عەقڵی سەربازییەوە هەیە، بۆیە ئاسان نییە

لەکولتورێکی وەهادا کە کولتوری دەرەبەگییە و بڕوای بە سزادان و لێدان و شکاندنی نەوەی تازە هەیە وە بڕوای بەترس هەیە، چونکە لەوڵاتی ئێمە ڕێز پابەندە بەترسەوە، لەبەر ئەوە ئێستاش زۆرێك لەمامۆستایانی تازە بڕوایان وایە بۆ ئەوەی ڕێزیان لیبگریت دەبێت بترسیت و شەرم بکەیت،کەواتە لێرە هەتا خۆت بەگەورەتر ببینی خۆت بەدانا ترو ژیرتر دەبینی وە ئامادەنیت تێکەڵ بەوانە بیت کە پلەیەك لەبەر هەرهۆیەك بێت لەخوار خۆتەوەن، تەنانەت لەنێو ئەدییاندا سەردەمانێك کەسانێك هەبوون زۆ زەحمەت بوو بیانگەیتیّ و دانیشی لەگەڵیان لەبەر ئەوە پێیانوابوو تۆ تازە دەستت داوەتە نووسین و ئەوان لە پێشترن ئەمەش جۆرێك بوو لەسزادان تۆیەکی گەنج کەدوای من دەست دەکەیت بەنووسین فەرامۆشت دەکەم ئەمە جۆرێکە لەسزا، دیارە ژیانی سیاسیش هەروایە تۆ دەبێت چەندین پەردەو دیوار ببڕیت تادەگەیتە سەرکردە، ئەمە پلە بە پلە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە ئەوکەسەی خۆی لەتۆ بەگەرەتر دەزانیّ بۆی هەیە هەر جۆرە سزایەکت بدات، ئەخلاقیاتی مزگەوت کە مەلا فەقێیەکی دارکای دەکرد لەسەر ئەوەی جزمی عەمەی لەبەر نەکردووە هەمان عەقڵیەت لە قوتابخانەکان دووبارە بۆتەوە.. لەبەر ئەوە ئێمە بەردەوام گومانمان هەیە لەعەقڵی بەرامبەر کە عەقڵێکی پۆخڵ و دەبەنگە بۆیە واچاکە بەلێدان و سزاو ترس بتوانین مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.. لەبەر ئەوە لەسیستمی پەروەردەی تازەدا دەبێت ژینگەیەکی وا فەراهەم بکرێت و وا بکەین لە منداڵەکان بەعیشقەوە حەز لەفێربوون و خوێندن و زانست بکەن نەك بەترس و شەرم و تۆقاندنەوە.. دەبێت ژینگەیەك و بەهەشتێك دروست بکرێت لە قوتابخانەکاندا کە مندالان لقەکانی ئەدەب و هونەرو زانست فێر ببن، لێرە ڕەگو ڕیشەی ئەو کولتورە دەگەڕێتەوە ناو ماڵەکان چونکە لەنێو ماڵەکانیشدا منداڵەکان بەردەوام لێیان دەدرێت .

ئیدریس: هەست ناکەیت پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا وەك پەیوەندی نێوان وەچەو باوك وایە لەخێزانەکاندا؟

شێرزاد حەسەن: من لەئەدەبیشدا کار لەسەر ئەوە دەکەم کە وێنەی باوك دووبارە دەبێتەوە لەوێنەی مامۆستاو مەلاو قەشەو ئاغاو ئەفسەرو سەرکردەدا .. تەنانەت لەرووی چینایەتیشەوە سەیربکەین هەژارەکە زەلیلی بەردەست سەرمایەدرەکەیە، بۆیە من قسەیەکی فرۆید پەسەند دەکەم دەڵێت" یەکتا خودایی کە ملیۆنەها خەڵك دەیپەرستن درێژکراوەی ترسی تۆیە لەباوك" کەواتە ئەوترسە گەورەی تۆ لەخودات هەیە بەشێکە لەوترسەی لە باوکت هەیە لەماڵەکەی خۆتدا، بۆیە وێنەکان یەك لەدوای یەك کۆپیی یەکن، هەرهەمووشیان بڕوایان بەتوندوتیژی و سزا هەیە، هیچ کەسێك نییە لەباوەشت بکات و خۆشی بوێیت تاشتەکانت فێر بکات هەرهەمووی بەسزاو توندو تیژییەوە بووە.

ئیدریس: ئەمساڵ یەکپۆشی جل و بەرگ لە قوتابخەکاندا پەیڕەو دەکرێت بەرای تۆ لەرووی دەروونییەوە تاچەند کاریگەری بۆسەر خوێدکاران دەبێت مەسەلەن کەسێك حەز بە پۆشیی ڕەنگێك دەکات جیا لەو ڕەگەی بۆی دیاری کراوە لەسەروو ئیرادەو زەوقی خۆیەوە؟

شێرزاد حەسەن: من وای بۆ دەچم دوو دیوی هەیە یەکیان کۆمەڵە کەسانێك هەن پێیانوایە یەکپۆشی کارێکی باش نییە لەبەر ئەوەی واچاکە ئەو ئازادیە بدەیتەوە بەوکەسە کە چیی دەپۆشێت یان نا، بەڵام من ئاگادارم لەئەوروپاش لەقۆناغی ناوەندیدا کوڕو کچ یەك جۆر پۆشاك دەپۆشن ئەوان قەناعەتیان وایە هەر قوتابخانەو ناوچەو شارێك جۆرێك جل وبەرگ لەبەر بکەن تایبەت بەخۆیان.. دیوێکی سەربازیشی تێدایە بۆئەوەی هەرهەموومان لەیەك بچین ئەمە لەزۆرێك لەقوتابخانەکاندا پەیڕەو دەکێت بەڵام لەزانکۆدا جۆرێك لەئازادی هەیە.. بەلام لەوڵاتی ئێمە شتێکی ترە وەختێك ئازادی دەدەین لە پۆشیندا هەمیشە لەجلەکاندا مندالانی بەگزادەو ئاغازادە دەردەکەون، خۆ هەر دەردەکەون هەیە باوکی بەسەیارە دەیهێنێت بەداخەوە دەزانم ئەمە لەباخچەی ساوایانەوە بنەبڕ ناکریت تا دەگاتە زانکۆ.. چونکە لەرووی

چینایەتییەوە خەڵك هەژارو دەوڵەمەندە .. دەتوانین بڵێین هەیە شاهانە دەژی هەشە دەکەسن لەژوورێکد دەژین هەشە سێ کچی قوتابیە و باوکی کۆڵکێش و هەژارە تۆ بیربکەرەوە ئەم پیاوە چۆن سێ جۆر جل درووست بکات ؟ لەبەر ئەوە یەکپۆشی دوو دیوی هەیە یەکیان دەکرێت بڵێیت لێیانگەڕێ بائازاد بن چیی دە پۆشن، دیوێکی تری ئەوەیە جیاوازیەکی زۆر هەیە ئەگەر هەرکەس بە ئارەزووی خۆی جل لەبەر بکات جیاوازیەکی زۆر دەردەکەێت، بەراستی من خۆم لەگەڵ یەکپۆشیدام بەمەرجێك شتێك لەجوانکاری تێدابێت.. ئێمە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە هێشتا کۆمەڵگیەکی کۆنپارێزین ئەوانەی لەبواری پەروەردەدا ئیش دەکەن بیرو باوەڕی جیاوازیان هەیە بۆ یەکپۆشی هێشتا ساغیش نەبۆتەوە، دەکرێت را پرسی بکرێت چی تێدایە لەژمارەیکی زۆر خوێندکار بپرسین راتان لەسەر یەکپۆشی چییە حەقە بەرەلەوەی ئەم بڕیارە دەربچێت ئامارێك ئامادە بکرێت لێکۆڵینەوە بکرێت ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ئیدریس: چیبکەین بۆ ئەوەی لەبواری پەروەردەدا نەوەیکی تەندرووست پێبگەیەنین؟

شێرزاد حەسەن: هەموو ئەوشتانەی پێشتر وتم.. ژینگەی پەروەردە بگۆڕدرێت تا دەگاتە پرۆگرامەکانی خوێندن، تادەگات بە گۆڕینی کادری پەروەردەیی و مامۆستا لەگەڵ گۆڕینی شێوازەکانی وانە وتنەوەدا کە زۆر تەقلیدیو کۆنە ، تادەگات بەو قەناعەتەی خوێندکاران پێویستە شادومان بن بۆ ئەوەی فێربن.